# د. کەیوان ئازاد: سەرۆک بارزانی دۆزی کوردی گەیاندە ناوەندەکانی جیهان

# ڕیفراندۆم سەنەدێکی نەتەوەییە بە دەست کوردەوە لە بەرانبەر هەموو دونیا



پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد دەڵێت، نابێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی دانوستان بێت لەگەڵ بەغدا و ئەوانیش وەڵام نەدەنەوە، بۆیە دەبێ لەگەڵ چاکسازی لە مووچەی خانەنشینکراوان هەوڵبدات مانگانە مووچەی موچەخۆرانی خۆی بدات و پشت لە بەغدا بکات و چیی دیکە ڕێگە بۆ غرووری عەبادی خۆش نەکات.

پرۆفیسۆری مێژووی کورد لە زانکۆی سلێمانی، کەیوان ئازاد بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: پێویستە کوردستان لە هەموو بوارەکاندا خۆی ڕێکبخاتەوە و چیی دیکە چاوەڕێی ئەوە نەکات لە بەغداوە مووچە بێت، کە دەشبینین، حەیدەر عەبادی غروور گرتوویەتی بەرامبەر بە گەلی کوردستان، بۆیە داوا دەکەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چاکسازیی ڕاستەقینە لە مووچەی خانەنشینانی پلە باڵا تا خوارەوە، کە بە نایاسایی خانەنشین کراون و هەر ئەوانیشن باسی گەندەڵی دەکەن، دەتوانێت بەو داهاتەی کە هەیە مووچەی مانگانەی فەرمانبەرەکانی خۆی بدات.

کەیوان ئازاد دەڵێت: پێویستە ئیدی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای دانوستان لەگەڵ بەغدا نەکات، پشت لە عەبادی بکات تا بەغدا بە خۆیدا بچێتەوە و لەو خەوی غرووره خەبەری بێتەوە. گوتیشی: بە ڕای من ئێمە جگە لە کێشەی مووچە، کە ئەگەر چاکسازی ڕاستەقینە بکەین و داهاتەکان کۆ بکرێنەوە، ئەویش چارەسەر دەبێت، تەواوی خزمەتگوزارییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر باشترە لە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی عێراق. لەبارەی گرنگیی جوگرافیای کوردستان لای ئەورووپاییەکان و ئەمەریکا، کەیوان ئازاد گوتی: ئەمەریکا و ئەورووپا زۆر کوردستانیان لا مەبەستە، کە خاکێکی زۆر کاریگەرە، میللەتێکی باش لەسەر ئەم خاکە دەژین، سەرکردایەتییەکی حەکیمانەمان هەیە، کە جەنابی سەرۆک بارزانی، دۆزی کوردی گەیاندە ناوەندەکانی جیهان، بینیشمان لە شەڕی دژی داعشدا چۆن تەواوی وڵاتانی ئەورووپا بە ئەمریکاوە هاوکاریی کوردستان و پێشمەرگەیان کرد، ئێستەش مەبەستیانە کوردستانێکی بەهێز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت.

لەبارەی سەرکەوتن و شکستەکان کە بەسەر پرۆسەی نەتەوەی کورد هاتوون، کەیوان ئازاد گوتی: هەمیشە کورد لە مێژوودا دۆزی خۆی گەیاندووەتە لووتکە، بەڵام بەداخەوە زۆرینەی ئەو سەرکەوتنانەی کورد کە شکستی هێناوە، بە دەستی ناوخۆ و بە هاوکاریی دوژمنان بووە، بینیشمان لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوودا، چەند کەسێکی خیانەتکار بوونە هۆی ئەوەی خاکی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان داگیر بکرێت و بۆ ماوەیەکی کاتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دوا بکەوێت، هەمیشە کورد کاتێک لە سەرکەوتنەکان گەڕێندرابێتە دواوە، ئەوە بە ماوەیەکی زۆر کەم ڕۆیشتووەتەوە بۆ لووتکەی سەرکەوتن. لەبارەی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و گرنگییەکەی بۆ ئایندەی کورد، ئەو پرۆفیسۆرە دەڵێت: ڕیفراندۆم سەنەدێکی نەتەوەییە بەدەست کوردەوە لە بەرامبەر هەموو دنیا کە کورد بە ئاشتی داوای سەربەخۆیی و سەرفرازیی خۆی دەکات، وەک هەموو گەلانی دنیا، بۆیە من پێموایە لە ئایندەیەکی زۆر دوور نابێت، دەرئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بەرهەمی دەبێت.

## هەڵوێستی شاندەکەی گۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانی لەبارەی ڕیفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەر نزیکبووە لە بەغدا

## پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا: شاندەکە گوزارشت لە شاندی حزبی دەکەن نەک هەرێمی کوردستان



پەرلەمانتارێکی نزیک لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق زانیاری نهێنی دەربارەی سەردان و کۆبوونەوەکانی شاندە حزبییە هاوبەشەکەی گۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانی ئاشکرا کردووە، بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە شاندەکە لە بەغدا و لە میانەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ عەبادی، داوایان لێکردووە تەنیا مووچەی فەرمانبەرانی پارێزگای سلێمانی ڕەوانە بکات، نەک فەرمانبەرانی تەواوی هەرێمی کوردستان. ئەو پەرلەمانتارە دەشڵێت، هەڵوێستی ئەو حزبانە لەبارەی ڕیفراندۆم و ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر نزیکبووە لە بەغداوە.

جاسم محەممەد جەعفەر، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا لە لێدوانێکی تایبەت بە کوردستان 24 ڕاگەیاندووە: پێموانییە شاندەکەی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی، کە سەردانی بەغدایانکردبوو، ڕاوبۆچوونەکانیان گوزارشت لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات، شاندەکە لەبارەی ڕەوانەکردنی مووچەی فەرمانبەرانی پارێزگای سلێمانی گفتوگۆیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە و داوایانکردووە بە پەلە ڕەوانەی بکات، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە پارێزگای سلێمانی لیستی مووچەخۆرانیان ئامادەیە بە پێچەوانەی هەولێر و دهۆک، هەروەها باسیان لە بوونی ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی کەرکووک کردووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوانە گوزارشت لە شاندی حزبی دەکەن، نەک هەرێمی کوردستان.

گوتیشی: بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی دوو حزبی نزیک لە حکوومەتی عێراقن، چونکە ئەوان هەڵوێستییان بەرامبەر بە ریفراندۆم و ڕووداوەکانی کەرکووک هەمان هەڵوێستی عێراق بووە، هەر ئەمەش وایکرد سەرۆکوەزیران لەگەڵیان کۆببێتەوە، چونکە لەگەڵ حزبەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کۆنابێتەوە، ئەگەرچی دوایانکردووە، ئێمە وەکو دەوڵەتی یاسا و حزبی دەعوەی ئیسلامی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گۆڕان و کۆمەڵ نزیکین، دوای هەڵبژاردنەکانیش هاوپەیمانێتییان لەگەڵ پێکدەهێنین.

ڕۆژی 2018/1/4 شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، سەردانی بەغدایانکرد و لەگەڵ چەند بەرپرسێکی عێراق کۆبوونەوە، ئەمەش کاردانەوەی لە هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە و بەشێک لە لایەنە سیاسییەکان و چاودێرانی سیاسی، ڕەخنە لە چوونی شاندی حزبی بۆ بەغدا دەگرن و پێیانوایە هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ بەغدا دەبێ لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت.

## حەشدی شەعبی لە مووسڵ 10 پۆستی ئیداریی لە کورد وەرگرتووەتەوە

سەرۆکی لیستی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ ئاشکرای دەکات، لەوەتەی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لەشکرکیشییان کردووە و دەستیانبەسەر ناوچەگەلێکی سنووری کوردستاندا گرتووە، بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی کوردیان کردووە و پۆستە ئیدارییەکانیان لە چنگ دەرهێناون.

ڕووداوەکەی 16ی ئۆکتۆبەر کە بەرەنجامی ڕێککەوتنێکی نهێنی چەند سیاسیەک و فەرماندەی سەربازیی لایەنێکی کوردستانی و بەغدا بوو، لەشکرکێشیی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقی بە دوای خۆیدا هێنا و خورماتوو و کەرکووک و ناوچەگەلێکی دیکەی باشووری کوردستانیان داگیرکرد. سەرۆکی لیستی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، بەرکات شەمۆ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە، بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی کورد دەکەن. یەکێک لە هەوڵەکانیان ئەوە بوو، کورد لە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای مووسڵ و دەوروبەری دووربخەنەوە، ئەوەتا تا ئێستا نزیکەی 10 پۆست لە دەست کورد دەرهێنراون. ئەو زانیارییدا کە بە ئارەزووی خۆیان پۆستەکان دەگۆڕن و تەنیا لە شنگال 4 پۆست گۆڕاون. بەڵام لای ئێمە هیچ شەرعیەتێکیان نییە و خەڵکیش مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن، چونکە ئەو پۆستانەی پێشتر شەرعیەتیان ماوە و دەمێنێت، هەڵبەتە پلانیشیان هەیە ئەو پۆستانەی لە نێو مووسڵیش لە دەستی کورددا ماون بگۆڕن. ئەو پۆستانەی کە لە دەست کورد دەرهێندراون، بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ، ناحیەی گرعوزیر و ناحیەی قەیرەوان و پۆستی قایمقامی مووسڵ و لە نێو مووسڵیش بەڕێوەبەری ئاوی پارێزگای مووسڵ و هەروەها پۆستی ناحیەی قەراج لە مەخموور کە ئەو پۆستەش بە واڵایی ماوەتەوە. شەمۆ گوتیشی، زانیاریی هەیە کە بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی مووسڵ کە پشکی کوردە لە کارەکەی دووربخەنەوە.

# ئەو کتێبەی باس لە ترەمپ دەکات ئەمەریکای هەژاند






کتێبی "ئاگر و تووڕەیی: لە نێو کۆشکی سپی ترەمپەوە" کە باس لە ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ دەکات و هەریەک لە ناکۆکی نێوان سیاسەتی دەرەوە و تیمی کۆشکی سپی و پرۆسەی بڕیاردان لە بابەتە هەستیارەکان و تەندروستی عەقڵیی ترەمپ و زۆر بواری دیکەی خستووەتە بەرباس، بووەتە هۆی مشتومڕی زۆر لە ئەمەریکا. کتێبەکە کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو خرایە بازاڕەوە و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا سەرجەم تیراژەکەی فرۆشرا، لە ئێستادا لەسەری سەرەوەی بابەتەکانی نێو ڕۆژەڤی ئەمەریکادا دێت.

### ترەمپ نەیویستووە ببێتە سەرۆک

نووسەری کتێبی "ئاگر و تووڕەیی: لە نێو کۆشکی سپی ترەمپەوە "مایکڵ وۆڵف لە بەدواداچوونەکەیدا کە تێیدا پشتی بە 200 کەس لەو کەسانەی لەنزیک ترەمپ کاریان کردووە یان هێشتاش کاردەکەن، بەستووە، بانگەشەی ئەوە دەکات "ترەمپ بە ڕاستی نەیویستووە ببێتە سەرۆک و چاوەڕێی ئەوە نەبووە هەڵببژێردرێت ." نووسەر لە کتێبەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە دۆناڵد ترەمپ لە میانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا باوەڕی بەوە نەبووە کە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ئاماژە بەوەدەکات کە ڕاوێژکاری ترەمپ، کیلیان کۆنوەی باسی لەوەکردووە کە "ترەمپ دڵنیا بوو لەوەی دەدۆڕێت ."

### هاوسەنگیی عەقڵیی ترەمپ

لە کتێبەکەدا ژمارەیەک بانگەشە سەبارەت بەوەی کە هاوسەنگیی عەقڵیی ترەمپ بۆ سەرۆکایەتییکردنی ئەمەریکا گونجاو نییە، خراوەتەڕوو، تێیدا هاتووە سەرۆکێکە "بایەخ بە بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوە نادات "لە بابەتەکانی سیاسەتی ناوخۆدا بە شتێکەوە دەیگرێت، بۆچوونی خۆی سەبارەت بەشتێک تا دواسات بە کەسانی پەیوەندیدار ناڵێت و خووی بە سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن و خواردنی هەمبەرگرەوە گرتووە و ناتوانێت وازیان لێبهێنێت . لە یەکێک لەو بەشانەی کە پەیوەستن بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە، لە کتێبەکەدا باس لەوەکراوە وێڕای نارەزایەتیی سەرۆکی پێشووی شارەزایانی ستراتیژیی، ستیڤ بانن، ترەمپ بڕیاری هێرشکردنە سەر بنکەی ئاسمانیی خان شەیخونی ڕژێمی سووریا لەرێگەی مووشەکەوە داوە.

### هۆکاری بەپەلە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ سعوودیە

لە کتێبەکەدا هاتووە دوای ئەوەی ئیڤانکا ترەمپی کچی وێنەی ئەو منداڵانە نیشانی باوکی دەدات کە بوونەتە قوربانیی هێرشی کیمیاویی ڕژێمی بەشار ئەسەد، ترەمپ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وێنەکانەوە و پاشان بڕیاری گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازیی دەدات. لە بەشی پەیوەندیدار بە سعوودیەشەوە وۆڵف باس لەوە کراوە کە ترەمپ داکۆکی لەوە کردووە لە ماوەی دوو ڕۆژدا بە تایبەتی جارید کوشنەری زاوای پەیوەندی لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعوودیە، محەممەد بن سەلمان دروستکردووە و هۆکاری بەپەلە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ سعوودیە بۆ کوشنەر گەڕاندۆتەوە.

### لووتکەی ڕیاز و ڕوانینی ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسەری کتێبەکە ئاماژەی بەوە داوە کە کاری لەپێشینەی ترەمپ و تیمەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژایەتی ئێرانە و پێشیانوایە ئاسانترین و کردەییترین ڕێگای ئەم دژایەتییەش بە هۆی سعوودیەوە دەبێت. لەم بەشەدا نووسەر تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە ترەمپ وای بۆ دەچێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چوار کاراکتەری سەرەکی هەیە کە ئیسرائیل، سعوودیە، میسر و ئێرانن و لە ئەگەری بوونە یەکی سێی یەکەم لە دژی چوارەمیان ئەوا دەکرێت ئێران بکەوێتە ژێر گوشار. هەروەها ترەمپ لەو باوەڕە دایە کە سعوودیە دەتوانێت قەناعەت بە میسر بهێنێت لە ڕێککەوتنی ئاشتی فەلەستیندا. لە بەشی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەش ئاماژە بەوە دراوە وێڕای ڕەخنەکانی سەرۆکی پێشووی ستراتیژی، ستیڤ بانۆن، بەڵام ترەمپ بڕیاری ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکەی ئاسمانی ڕژێمی بەشار ئەسەد داوە لە خان شەیخون.

### سعوودی و میسرییەکان لە لێواری خەرەندەکەدان

هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە کە بانۆن تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە ئەگەر ترەمپ دەستبەکاربوو یەکەم کاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی دەبێت لە تەلئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم. هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهو و ملیاردێری جولەکەی بەناوبانگی پارتی کۆماری شێلدۆن ئادەلسۆنیش ڕۆڵیان هەیە لەمەدا. بانۆن گوتوویەتی: با ئوردن کەرتی ڕۆژئاوا، میسر و غەززە وەربگرێت یان بڵێین وەردەگرین و لەناوبچن. سعوودی و میسرییەکان لە لێواری خەرەندەکەدان. زراویان لە ئێران چووە. یەمەن، سینا، لیبیا... ئەم کارە خراپە. لەبەرئەمە ڕووسیا تەواوە. ئەی ڕووسیا باشە؟ ئەوان کەسانی خراپن بەڵام جیهان پڕە لە کەسی خراپ.

### ترەمپ دوو تەلەڤیزیۆنی لە ژوورەکەی داناوە

لە لایەکی دیکەوە ئەو بەشەی کە بانۆن ئاماژە بەوە دەکات کە ترەمپ کۆبوونەوەی کوڕە گەورەکەی، دۆناڵد جەی ترەمپ لە ترەمپ تاوەر لە نیویۆرک لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕووسەکان بە ناپاکی ناوبردووە، پێشتر بڵاوبۆوە و کاردانەوەیەکی بەهێزی ترەمپی بە دوای خۆیدا هێنا. هەروەها لە کتێبەکەدا سەرنج بۆ چەندین خوو و ڕاهاتوویی و ژیانی ئاسایی ترەمپ ڕاکێشراوە کە دوای ئەوەی هاتووەتە کۆشکی سپی دوو تەلەڤیزیۆنی لە ژوورەکەی داناوە، لە ترسی ژەهراوی بوون ماوەیەکی زۆرە لیستی هامبورگەری ئامادە هەڵدەبژێرێت، لەسەر جێگاکەی چەندین کاتژمێر سەیری تەلەڤیزیۆن دەکات. بەڵام لە ناو ڕای گشتییدا هێشتا مشتومڕ لەسەر ئەو زانیاریانە هەیە کە ئاخۆ تا چەند ڕاستن.